# التحليل النفسي بين الخوف والأمل في استخدام روبوتات الدردشة المعتمدة على الذكاء الاصطناعي لدى طلبة الجامعة

**سيران محمد رشيد محمود**
**رياض الأطفال، كلية التربية الأساسية، جامعة كرميان، إقليم كردستان – العراق**
sairan.mohammed@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: التحليل النفسي، الأمل، الخوف، روبوتات الدردشة، الذكاء الاصطناعي

**كيفية اقتباس البحث**
محمود , سيران محمد رشيد , التحليل النفسي بين الخوف والأمل في استخدام روبوتات الدردشة المعتمدة على الذكاء الاصطناعي لدى طلبة الجامعة,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# Psychological Analysis Between Fear and Hope in the Use of Artificial Intelligence Chatbots Among University Students

Sairan Mohammed Rashid Mahmoud
sairan.mohammed@garmian.edu.krd
Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Garmian, Kurdistan Region – Iraq

**Keywords** : Psychological Analysis, Hope, Fear, Chatbots, Artificial Intelligence

**How To Cite This Article**
Mahmoud ,Sairan Mohammed Rashid ,Psychological Analysis Between Fear and Hope in the Use of Artificial Intelligence Chatbots Among University Students ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**
This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
The primary objective of this study was to explore the psychoanalysis of the relationship between fear and hope regarding the use of AI chatbots among university students. It also aimed to determine the differences in psychological levels of fear and hope based on variables such as (gender, department, academic stage, frequency of use, and purpose of use). The researcher employed a descriptive-correlational methodology. Two scales were used as research instruments: a 14-item fear scale adapted from (Hussein, 1987) and an 18-item hope scale adapted from (Snyder, 1991). The sample consisted of 185 male and female students from the College of Basic Education (stages 1-4), selected using a stratified random sampling method. Statistical tools included (Mean, Standard Deviation, Pearson Correlation Coefficient, Cronbach's Alpha, One-sample T-test, Independent Samples T-test, and One-Way ANOVA) Key Findings:: A negative (inverse) correlation exists between hope and fear in using AI chatbots, No statistically significant differences were found in the psychoanalysis of fear and hope based on (gender, academic stage, or department), Statistically significant differences in fear levels were

observed among students with high dependency on AI chatbots, Statistically significant differences in hope levels were observed among students with moderate dependency on AI chatbots, The study concluded with several recommendations and suggestions based on these results.

## الملخص

هدفت الدراسة الحالية إلى التعرف على التحليل النفسي للعلاقة بين الخوف والأمل في استخدام روبوتات الدردشة المدعومة بالذكاء الاصطناعي لدى طلبة الجامعة، بالإضافة إلى تحديد الفروق في مستويات هذا التحليل تبعاً لمتغيرات (الجنس، القسم، المرحلة الدراسية، كمية الاستخدام، وغرض الاستخدام). اعتمد الباحث المنهج الوصفي الارتباطي_تحليلي، لتحقيق أهداف الدراسة،تم استخدام مقياسين كأدوات للبحث: مقياس الخوف المكون من (١٤) فقرة والمقتبس من مقياس (حسين، ١٩٨٧)، ومقياس الأمل المكون من (١٨) فقرة والمقتبس من مقياس (سنايدر، ١٩٩١). تألفت عينة الدراسة من (١٨٥) طالب وطالبة من كلية التربية الأساسية (المراحل ١-٤)، اذ اختيرت عينة البحث بالطريقة الطبقية العشوائية ذات التوزيع ، واستعمل الباحث اختبار التائي لعينة واحدة، والاختبار التائي لعينتين مستقلتين ،لمتوسط الحسابي، الانحراف المعياري، معامل ارتباط بيرسون، معامل ألفا كرونباخ، ، وتحليل التباين الأحادي ئەنوفا ، اظهرة النتائج : وجود علاقة عكسية بين الأمل والخوف في استخدام روبوتات الدردشة للذكاء الاصطناعي ،عدم وجود فروق ذات دلالة إحصائية في التحليل النفسي بين الخوف والأمل تعزى لمتغيرات (الجنس، المرحلة، القسم)،وجود فروق ذات دلالة إحصائية في مستوى الخوف لدى المستخدمين الذين يعتمدون بشكل مفرط على الذكاء الاصطناعي،وجود فروق إحصائية في مستوى الأمل لدى الذين يعتمدون على الذكاء الاصطناعي بشكل متوسط،اختتمت الدراسة بمجموعة من التوصيات والمقترحات .

## شیکاری دەروونی لەنێوان ترس و هیوا لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد لە لایەن خوێندکارانی زانکۆ

سیران محمدرەشیدمحمود

باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

sairan.mohammed@garmian.edu.krd

## پوختە ىتوێژینەوە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی شیکاری دەرونی لە نێوان ترس و هیوا لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ، هەروەها دیاریکردنی ئاستی جیاوازی شیکاری دەرونی لەنێوان ترس و هیوا لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز ، بەش ، قۆناغی خوێندن،چەندێتی بەکارهێنان ،مەبەستی بەکارهێنان،ڕادەی پشتبەستن) ،توێژەر میتودی وەسفی پەیوەندی_شیکاری بەکارهێناوە بەمەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە،ئامرازی توێژینەوە بریتیی بوو لە دوو پێوەر ،پێوەری ترس لە (١٤)برگە پێکهاتووە،کە سود لەپیوەری (حسێن،١٩٨٧)وەرگیراوە ، بۆ پێوەری هیوا کە (١٨)برگەبوو ، سود لە پێوەری (سنایدر ، ١٩٩١)وەرگیراوە ،نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ،کە ژمارەیان (١٨٥) خوێندکاری نیرو مێ لە قۆناغەکانی (١تا٤)بوون ،توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی بەشێوەی هەرەمەکی چینایەتی وەرگرتووە، لەگرنگترین ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە بەکارهاتووە بریتیبوو لە(ناوەندی ژمێرەی ، لادانی پێوانەی ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن ، تاقیکردنەوەی (تائی)بۆ یەک ودوو نمونە ئەلفاکرۆنباخ، (ئەنوڤا)، توێژینەوەکەگەیشتووەتە چەند ئەنجامێک لەوانە پەیوەندی پێچەوانە هەیە لەنێوان هیوا و ترس لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد، نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە شیکاری دەرونی لەنێوان ترس و هیوا لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز ،قۆناغ ،بەش) ، بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەبونی ترس لە گۆڕاوی زۆرپشت بەستن بە چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد،بونی جیاوازی ئاماری لەبونی هیوا بەپێی گۆڕاوی پشت بەستن بەشێوەیەکی مامناوەند بەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد لەبەر ڕۆشنای ئەنجامەکان توێژەر کۆمەڵێ ڕاسپاردەو پێشنیاری خستوتەڕوو.

**کلیلی وشەکان** (شیکاری دەرونی ، هیوا، ترس،چاتبۆتەکان ، زیرەکی دەستکرد).

## پێشەکی

زیرەکی دەستکردلقێکە لە زانستی کۆمپیوتەر ،یان کۆمەڵە تەکنەلۆژیایەکی جیاوازە پێکەوە کاردەکەن بۆ هاوشێوەکردنی زیرەکی مرۆڤ تیشک دەخاتەسەر بەرنامەکانی وەک پزیشکی یان پیشەسازی ،گواستنەوە،دارای ،سیستەمی وەرگێڕان ،یارمەتیدانی مەجازی ،ئامانجی پەرەپێدانی سیستەمێکە کە توانای ئەنجام دانی هەر ئەرکێکی دەرونی هەبێت ،کە مرۆڤ بتوانێت ئەنجامی بدات (العرود،٢٠٢٤)ئۆزۆبیل یەکێکە لە زانایانی بواری دەرونزانی گرنگی بە فێربوونی مەعریفی داوە تیۆرەکە لەسەر بنەمای فێربوون بەوەرگرتن بنیاتناوە ،( ئۆزۆبیل ، روبینسۆن) پەرەیان بە تیۆری فێربونی واتادار داوە، مرۆڤ پێکهاتەی ئەقڵی بە جۆرێکی تایبەتە بۆ فێربونی

کارامەییەکان ، کاتێ مرۆڤ بە کارامەی نوێ دا تێدەپەڕێت ، پێکهاتەی ئەو کارامەییانەی کەفێربووە یارمەتی هاتنە ناوەوەی زانیاری نوێ دەدات بۆ ناو پێکهاتەی پێشوو ، لە ئەنجام دا پێکهاتەیەکی ئەقڵی نوێ ڕێکدەخرێتەوە ، بەمەستی خستنەپاڵ یەکی زانیاریەکان بۆ ئەوەی ببنە بەشێکی لێک جیانەبووە ، ئەم تیۆرە ئەوەمان پێ دەڵێت خوێندکار دەتوانێت زانیاری و زانست لە زیرەکی دەستکرد وەربگرێت ،بەم جۆرە ترسی نامێنێت لە هەر کاتێکدا ڕووبەڕوی ترس یان نارونیەک ببێتەوە ئەمە هیواو ئومێد بە خوێندکار دەدات بۆ دوبارە بنیاتنانەوەکارامەیەکانی (قادر، ٢٠٢٠، ٢٦١). لەسەردەمێکدا دەژین چیتر تەکنەلۆژیا تەنها هۆکارێک نیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمان بەڵکو بۆتە بەشێکی دانەبڕاولە شێوازی بیرکردنەوە وپەیوەندیەکانمان دەرکەوتنی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد وەرچەرخانێکی لە مێژوی مرۆڤایەتی دا دروست کردوە تاکەکانی خستووەتە بەردەم دووڕیانیکی ئاڵۆز لەنێوان ترس و هیوا لە لایەکەوە ئەم چاتبۆتانە هیوایەکی گەورەیان بەخشیوە بە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە زانیاری بێ سنور ، ئاسانکاری لە فێربوون و داهێنان، بازدانی کوالیتی لەبەرهەم هێنان ، بەڵام لەلایەکی ترەوە شەپۆلێکی بەهێزی ترس و دڵەڕاوکێ سەریهەڵداوە، ترس لە نەمانی هەلی کار ، ترس لەنەمانی تایبەتمەندی تاکەکەسی(کریم، ٢٠٢٥، ٤٩٧).

### ١-١کێشەی توێژینەوە

لە چوارچێوەی گۆرانکاریە ئەپستمۆلۆژیەکان و تەکنەلۆژیەکانی سەدەی (٢١)، جیهان شاهیدی گەشەسەندنی خێرایە لەبواری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا ،دیاریترینیان زیرەکی دەستکردە کە بووەتە ئامرازێکی سەرەکی لە زۆر بواردا لەوانەش فێرکردن ،کە بە توخمێکی کاریگەر لە پرۆسەی پەرەپێدانی پەروەدرەو فێرکردن دادەنرێت، لەرێگەی ئامرازەکانیانەوە خوێندکاران دەتوانن تێگەیشتنێکی قوڵترو شیکاریەکی وردتر لە زانست و زانیاری بەدەست بهێنن ، هەروەها ژینگەی فێربوونی کەسی دابین دەکرێت، کە تیایدا جیاوازییە تاکەکەسیەکان لەبەر چاو دەگیرێت، هەروەک توێژینەوەی (میرەو کاتع،٢٠١٩)توێژینەوەی لەسەر پەروەردەو فێرکردن کردووە ، بەمەش خوێندکاران بەشداری لە باشترین کوالیتی فێربوون دەکات ،کە گۆڕانکاریەکی گەورە لەسەرجەم بوارەکان دا دەستی پێکردووە بەتایبەت بواری پەروەردەو فێکردن،چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد وەک هۆکارودیاردەیەکی نوێ لەبواری تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکردا سەری هەڵداوە، چاتبۆتەکانی وەک (گیمینی ، کلاود ، چات جیپیتی...هتد ) ئەم چاتبوتانە بونەتە هۆکارێکی تەکنەلۆژیای نوێ لە شێوازی بەدەست گەیشتنی زانیارییەکان بۆ فێربوون ،بیکرو سمیث(٢٠١٩) جەخت لەسەرئەپلێکەیشنە گرنگەکانی زیرەکی دەستکرد دەکەنەوە وکاریگەرییەکانی لە پرۆسەی

فێربوون دا، كە خوێندكاران بۆ زانیاری جۆراو جۆر بەكاریدەهێنن (Smith,2019,4&Baker) بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد لەبواری فێركردن دا گرنگی زۆری پێدراوە ،كۆنفراسی نێو دەوڵەتی زانستی كۆمپیوتەر (٢٠١٨) پێشنیاری بەكارهینانی زیرەكی دەستكردی لە فێركردن دا كردووە،كەدەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی فێربوونێكی باشتر كەلەگەڵ رەوتە هاوچەرخەكان دا دەگونجێت (Subrahman,2018&Swati). كۆنفرانسی (١٧) ی وەزیرانی بەرپرس لە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی جیهانی عەرەبی كە لە مانگی كانونی دووەمی (٢٠١٩)لە قاهیرەئەنجام درا لە ژێر ناوی زیرەكی دەستكرد و پەروەردە ،ئاستەنگ و ئەگەرەكان بە رێوەچوو كە پێشنیاركرا بۆ دانانی پلان و دروستكردنی پاڵنەرو هیوا لەبەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد هەروەك توێژینەوەكانیش باسیان لە گرنگی بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد كردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم تەكنەلۆژیا نوێیە دەرفەتی باش بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی مەعریفەی خوێندكار دابین دەكات لەكەمترین كاتداوەڵامی پرسیارەكانی خوێندكار دەداتەوە (EKasneci,KSebler,2023). هاوكات ترس و دڵەڕاوكێی و نیگەرانی دەروونی جۆراو جۆری لای خوێندكاران دروست كردووە و هەستی سەقامگیری و دڵنیای دەرونیان خوێندكاران تاڕادەیەك لاوازبووە.خوێندكاران هیوایان بە پەرەپێدانی تواناو ئەدائی خوێندنیان و بەدەستهینانی زانیاریەكان وئاسان كردنی پلانی وانە و ئەنجامدانی ئەكەكانی ماڵەوەبەكەمترین كات هەیە(Ge,WTian,٢٠٢٥ ئەمە لەلایەكەوە ولەلایەكی ترەوە بەهۆی نوێی ئەم تەكنەلۆژیاوە ترسیان هەیە لە لە دەستدانی توانا بیركردنەوەی سەربەخۆ ورەخنەگرانە، چونكە ئەگەر بێتو زیاد لەپێویست پشتی پێببەستن دەبێتە هۆی كەمبونەوەی توانا و لێهاتووی كارامەیەكانیان ،هەروەها بەئاسانی بەدەستكەوتنی زانیاری بەكەمترین كات توانای بیرهاتنەوەی زانیاریەكان كەم دەكاتەوە(Sulivan,Kelly,2023). دڵەڕاوكێی خوێندكاران لەنێوان ترس و هیوا كاریگەری راستەوخۆی هەیە لە سەر هەڵوێستی دەرونی و رەفتاری خوێندكاران لەبەكارهێنانی هەریەكە لە چاتبوتەكانی زیرەكی دەستكرد ،توێژەر لە میانەی كاركردنی وەك مامۆستاو وانەوتنەوە وردبونەوەی لە سەرچاوەكانی توێژینەوەی پێشوو بۆی دەركەوت كە بەكارهێنانی چاتبۆتەكانی زیرەكی دەستكرد وەك هیوایەك بەكار دێت بۆ باش كردنی كوالێتی و چۆنیەتی وچەندێتی فێربوون ئەگەر بێتو خوێندكاران دڵنیاببنەوە لەسەرچاوەی بەكارهێنراو ئەوە دەبێتەهۆی ئەوەی ترس و نادڵنیان برەوێتەوە ،چونكە بەم جۆرە دڵنیادەبیتەوە لە راستی و دروستی ئەو زانیاریە كە بەدەستی گەشتووە. دەتوانین كێشەی توێژینەوە بەم شێوە بخەینەروو(ئایا خوێندكار هیوایان ترسیان

هەیە لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد ؟لەگەڵ ئەم پرسیارە سەرەکیە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١–زانینی ئاستی ترسی خوێندکاران لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکرد.

٢–زانینی ئاستی هیوای خوێندکاران لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکرد.

٣–شیکاری خوێندکاران لەنێوان ترس و هیوا لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز ،بەش، قۆناغی خوێندن،مەبەستی بەکارهێنان ، ڕادەی پشت بەستن ، چەندێتی بەکارهێنان).

## ١–٢گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە هاو کاتە لەگەڵ پەرەسەندنی بەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد، ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەکی گرنگ لە زانستی دەروونزانی و پەروەردە دەکات هەروەک توێینەوەی (امین،٢٠٢٥)ئاماژەی پێکردووە لە ڕێگەی پڕکردنەوەی کەلێنێکی گرنگە لە تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان ترس و هیوا وەک دوو لایەنی دەرونی خوێندکاران لەبەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد. لەکاتێکدا توێژینەوە پێشووەکان بە شێوەیەکی جیاکراوە تەنها ترس یان تەنها باس لەهیواکراوە لە توێژینەوەکانیان دا وە هەروەک توێژینەوەی (التمیمی،٢٠١٩،٢٥٣) ئەم توێژینەوەیە ئەم دوو لایەنە دەرونییە پێکەوە دەخوێنێتەوە و ڕونی دەکاتەوە کە چۆن کاریگەردەبن بەیەکتر. هەروەها چەند تیۆرییەکی دەرونزانی وەک تیۆری هەڵسەنگاندنی زهنی، تیۆری دووانەیە دەروونییەکان، و تیۆری وەرگرتنی تەکنەلۆژیا لە چوارچێوەیەکی نوێدا یەکدەخاتەوە، کە بنەمایەک بۆ توێژینەوە داهاتووەکان دابین دەکات،لە ڕووی پەروەردەییەوە، ئەم توێژینەوەیە بەشداری دەکات لە باشترکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد(Chen et al,2024,11). یارمەتی مامۆستایان دەدات بۆ دروستکردنی ژینگەی لەباربۆ فێربوونی خوێندکار، کە تێیدا تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بە شێوەیەکی یارمەتیدەر بەکاردێت بۆ باشترکردنی فێربوونێکی چالاکانە نەک جێگرەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وخودی(Guilherme,2017).

لە ڕووی پراکتیکی یەوە، ئەم توێژینەوەیە زانیاری و ڕێنمایی بەسود بۆ لایەنە جیاجیاکانی پەروەردە دابین دەکات، بۆ زانکۆکان و پەیمانگاکان، پێشنیاری پشتبەستوو بە زانستی دەستکرد دابین دەکات ،بۆ دانانی ستراتیژی لەبار لەسەر بەکارهێنانی چاتبۆتە زیرەکی یەکان،بۆ مامۆستایان وخوێندکاران، باگراوندێکی مەعریفی گرنگ دەدات بۆ تێگەیشتنێکی باشتری مامۆستا لەبارو دۆخی دەرونی خوێندکاران (عبدالرحيم ، ڕوی ،٢٠٢٥)و ڕێنماییکردنیان بەرەو بەکارهێنانێکی

دروستی بەرهەمدارانەی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد، بۆ خوێندکاران، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاشنکردنیان بە سودو مەترسییەکان، و هاندانیان دەدات بۆ پەرەپێدانی توانای بەکارهێنانی تەندروستی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد و فێربوونی سەربەخۆ(خودفێرکردن)،بەکارهێنانی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد گرنگە و دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی فشاری دەرونی لای خوێندکاران لەرێگەی دەستکەوتی مەعریفی و خۆکارای ، سەربەخۆی فێربونی تەکنەلۆژیا هەروەک توێژینەوەی (Konadu,2025)لەسەرچاتبۆتەکانی ئەی ئای و پشتگیری تەندروستی دەرونی خوێندکاران کراوە تاکیدی لێدەکاتەوە، گرنگە چونکە باس لە هیوادەکات کە بونی هیوا واتا گەشبینی بۆ فێربون و هەوڵدان بۆ باشترکردنی کوالێتی چۆنیەتی فێربوون ئەمەش دڵەڕاوکێ کەم دەکاتەوە ،هەروەها چەندین کۆنفراس لە سەر چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد کراوە CRSnyder,2002).

### ١–٣ئامانجی توێژینەوە

١–زانینی پەیوەندی نێوان هیواو ترس لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکرد.

٢–زانینی ئاستی ترسی خوێندکاران لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکردبەپێی گۆڕاوی (مەبەستی بەکارهێنان، ڕادەی پشت بەستن ،چەندێتی بەکارهێنان).

٣–زانینی ئاستی ترسی خوێندکاران لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکردبەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز ،قۆناغی خوێندن ، بەش).

٤زانینی ئاستی هیوای خوێندکاران لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکرد(مەبەستی بەکارهێنان، ڕادەی پشت بەستن ،چەندێتی بەکارهێنان).

٢–زانینی ئاستی هیوای خوێندکاران لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکردبەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز ،قۆناغی خوێندن ، بەش).

### ١–٤سنوری توێژینەوە:

١–سنوری بابەت :بابەتی توێژینەوەکە شیکاری دەرونی لەنێوان ترس و هیوا لەبەکارهێنانی چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکرد لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ .

٢–سنوری مرۆی: خوێنکارانی( قۆناغی یەکەم تاوەکو چوارەم) لە بەشەکانی (کوردی ، باخچەی منداڵان ، عەرەبی ،وەرزش ).

٣–سنوری شوێن : کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی گەرمیان .

٤–سنوری کات :ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥_٢٠٢٦).

### ١–٥پێناسەی زاراوەکان

( Anna ,Freud,1946)شیكاری دەروونی

بریتیە لە تێگەیشتن لەو هێزە شاراوانەی ،کەکاردەکاتە سەر ڕەفتارو فێربوون و دەستکەوتی ئەکادیمی لای

(. Anna, 1946,152 خوێندکار )

شیكاری دەروونی (فرۆید، ۱۹۲۳)

بریتی لە ڕێکەوتنی نێوان (من ، ئەو ، منی باڵا)کە پێکەوە ئەم سێ چەمکە کاردەکەن بۆئەوەی تاک تەندروست بێت، لەڕوی دەرونی کاردانەوەی ڕەفتارەکانی بەپێی پێوەرەکۆمەڵایەتیەکان بێت ، بۆنمونە بەکارهێنانی چاتبوتەکان لە بڕیاردەرە ئەخلاقیەکان تێپەرنەکان و لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانی دامەزراوە فەرمیەکان و نافەرمیەکان دەرنەچێت ( ابواسعد ،عربیات ،۲۰۲۳، ۲۵).

پێناسەی توێژەر :شیكاری دەرونی :بریتیە لە تێگەیشتنێک لەڕوانگەی خوێندکارەوە بۆ چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد ئەویش خۆی لە دوو چەمکی گرنگی دەرونی دەبینێتەوە کە هیوا و ترسە لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازەگرنگەکە تەکنەلۆژیایە بەدیاریکراوی چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد،کەهەردوو چەمکەکە لە ژینگەی دەرونی و جۆری بیرکردنەوەی خوێندکارەوە سەرهەڵدەدات سەرەڕای هۆکاردەرەکی و ناوەکیەکان .

۱-٥-۲ترس (DSM5,2013 )

(DSM5,2013) بریتیە لە هەستێکی سروشتی کە لای هەموو تاکیک بونی هەیە وەک وەڵامدانەوەیەک دەرونی و جەستەیە بۆ هەڕەشەیەک یان مەترسەک(DSM5,2013,189).

(داریوین ، ۱۸۷۲)ترس لەڕوی دەرونیەوە: بریتیەلە کاردانەوەیەکی سۆزداری بەرانبەر شتێکی دیاریکراو (ترس لەبەرزای ،مەلەکردن لەئاودا ، ترس لەمار ، ترس لە شکست ) زۆرجار ترس بۆ مانەوەیە واتا تاک دەیەوێت خۆی بپارێزێت لە پێناوە مانەوە دەترسێت (داریوین ، ۱۸۷۲).

پێناسەی توێژەر :ترس : بریتی لە ئاگادارکردنەوەیەکی دەرونی کە تاک هەستی مەترسی لا دروست دەبێت لە پێناو خۆ ڕزگاکردن ، ئەم هەستە پەیوەندی بە خودی تاکو پەروەردەی خێزانی یەوەهەیە .

۱-٥-٦هیوا(العرود،۲۰۲٤)

(العرود،۲۰۲٤): بریتی لە پێدانی هیوا بە خوێندکاران بەبێ جیاوازی ، بەبێ گوێدانە کات و شوێنی خوێنکاران دەستیان دەگاتە باشترین زانیاری .

(Snyder,2002):بریتی لە پاڵنەری گەیشتن بە ئامانج ، ئەمەش یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ زاڵبون بەسەر کێشە ئەکادیمیە قورسەکان دا (سنایدەر،۲۰۰۲).

پێناسەی توێژەر :هیوا: بریتیە لە بونی ئومێد بەئامانجێک کە هەرتاکێک لەڕوانگەی مەعریفی و ژینگەی دەرونی خۆیەوە ئەو هیوایە بنیات دەنێت .

١-٥-٧چاتبۆتەکان(Kasnec'etal,2023)

(Kasnec'etal,2023)بریتی یە لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری کە دیزاین کراوە بۆ ئەنجام دانی گفتوکۆ لەگەڵ مرۆڤ دا بەرنامەکانی بریتی یە لە (دەنگ،تێکست ، جی پیتی ،مۆدێلی زمانەوانی گەورە کەمەبەستی (وەک کتێب، وتار، ماڵپەڕەکان، و کۆدە پرۆگرامسازییەکان).

(Tian,etal,2024) چاتبۆتەکان تەنها ئامرازێکی تەکنیکی نین ،بەڵکو شۆرشێکی گەورەن لە شوازی فێربون و پەیوەندیکردن کە لەڕێگەی کۆمەڵێ داتای مەشقپێکراووە زانیاریەکان دەگەیەنن.

پێناسەی توێژەر:چاتبۆتەکان : بریتیە لەکۆمەڵێ ئامرازی تەکنەلۆژیای کە هەریەکەیان بۆمەبەسێک بەکاردەهێنرێن وەک کلاود ، جیمنی ، چاتجیپیتی ، گوگڵ ترانسلەیشن .

١-٥-٨زیرەکی دەستکرد(Intellingence Artificihal)

(قتامی ،٢٠١٨): زیرەکی دەستکرد ئەو زانستەیە کە هەوڵ دەدات زیرەکی سیستمی کۆمپیوتەری پەرەپێبدات بۆ ئاستێک کە هاوشێوەی مرۆڤێکی شارەزا کاربکات ، واتا توانای ئامێرێکە بۆ لاسایکردنەوەی جوڵە و دەروون وشێوازی کارکردنی عەقلی مرۆڤ لەڕوی بیرکردنەوە هەڵهێنجان و وەڵام دانەوەو سود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشوو کاردانەوەی زیرەکانە ، کە ئەم ئامرازە تیایدا سەرکەت و بووە (قتامی ،٢٠١٨،١٤).

(قاضی ، ٢٠٢٣): تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتووە کە ئامانجی هاوشێوەکردنی ژیری مرۆڤە لەڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانەوە ، کەتوانای بیرکردنەوە بڕیاردانی سەربەخۆی هەیە (قاضی، ٢٠٢٣، ٣٠).

پێناسەی توێژەر : زیرەکی دەستکرد لقێکە لە لقەکانی زانستی کۆمپیوتەر جۆرێکە لەتوانای نەرمە کاڵاکان بۆ لاسایکردنەوەی ژیرییەکانی مرۆڤ لە تێگەیشتن و فێرکردن و بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە.

## بەشی دووەم:چوارچێوەی تیۆری

٢-١چەمکی زیرەکی دەستکردو قۆناغەکانی گەشەسەندنی

چەمکی زیرەکی پەیوەندی بە توانای بیرکردنەوەهەیە وەک دەروناسی بەریتانی (سیریل بیرت )پێناسەی دەکات کە بریتیە لەتوانای درککردن ،بەر لەئەم ئەفلاتون دەڵێت گشت ئەو چالاکیە ژیریانەیە کە دورە لە سروشتەوەو لەسەر چوارینەمای فەلسەفی بنیاتنراوە کەبریتیە لە بەدەست هێنانی زانیاری و پاراستنیان و گۆڕینیان و دواتر گواستنەوەیان (قمورە واخرون ،٢٠١٨،

١٦).زیرەکی دەستکرد زاراوەیەکە بریتیە لە دووشە زیرەکی بەمانای توانای عەقڵ دێت و خستنە رووی بیرۆکەی نوێ و درککردن و فێربوون(قرچتانی ،٢٠١٣، ٩١) ، لەکاتێکدا وشەی دەستکرد ئاماژەیە بۆ شتێکی ناڕاستەقینە .چەمکی زیرەکی دەستکرد ئەو شێوازەیە کە تواناکانی زیرەکی مرۆڤ بە هۆیەوە هاوشێوەدەکرێت، لقێکە لە زانستی کۆمپیوتەر کە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی دیزاین کردنی سیستەمی زیرەک دەکات ، کە کۆمەڵێ تایبەتمەندی پەیوەست بە زیرەکی پیشان دەدات ، کە پەیوەندییان بە زۆرێک لە ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە هەیە(etal,2013,349 Badaro) .زیرەکی دەستکرد وەک زانست زانستێکی مۆدێرنە ، کە بەفەرمی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵداوە ،بەڵام پێش ئەو قۆناغە چەندین زانا بە ناڕاستەو خۆ گرنگیان بە زیرەکی دەستکرد داوە ، بۆیە ڕەگ و ڕیشەی زیرەکی دەستکرد بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە (صالح ،٢٠٠٩، ٣٠).

## ٢-٢چاتبۆت چیە و جۆرەکانی وە هەریەکەیان لەچ بوارێکدا زیاترسودی لێوەردەگیرێت (ئەوچاتبۆتانەی کەنمونەی توێژینەوەکەیە)

١-(ChatGPT):چاتبوتێکی بە هێزەکە لەسەر بنەمای زیرەکی دەستکرد داڕێژراوە، شارەزایە لە تێگەیشتن و وەڵام دانەوەی زمانی سروشتی ، وە دیزاین کراوە کە هاوشێوەی مرۆڤ گفتوگۆبکات، دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە ناوەڕۆکی پرسیاری جۆراو جۆر دروست بکات لەوانە بابەت پۆستی سۆشیال میدیا ،وتار ،کۆد و ئیمەیڵ . لەمانگی تشرینی دووەمی (٢٠٢٢)لەلایەن کۆمپانیای (OPEN AI)بۆ بواری توێژینەوەی زیرەکی دەستکرد دروستکراوە، سودێکی زۆری لە بوارە جیاوازەکان دا هەیە لە پرۆسەی پەروەردەوە خوێندنی باڵادا وەک بژاردەیەک بۆ باشترکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە و فێربون بەکاردەهێنرێت ، چونکە یارمەتی دەرێکی نمونەییە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان بۆ تێگەیشتن لە بابەتگەلێکی تایبەت ، وەڵام دانەوەی پرسیارەکان و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان پەیوەست بە پرۆگرام (Len et al 2024).

٢-(Clude): ئامرازێکی پێشکەوتووە بۆ بە مۆدێلکردنی زمانی زیرەکی دەستکرد ، دەتوانێت یارمەتی خوێندکاران بدات ، لە چالاکیەکانی نوسین ، وەک پۆختەکردن وەرگێران دەستکاریکردن و ڕاستکردنەوەی بابەتە نوسراوەکان بۆ بابەتی دروست و پوخت ، سەرباری ئەوەش لەرێگەی فیدباکەوە دەتوانێت تێڕوانینی نوێ بۆ خوێندکاران پێشکەش بکات ، بەمەستی لۆژیکی ڕەوتی نوسینەکان ،ئەم ئامرازە بە هێزە بۆ شیکردنەوەی توێژینەوە ئەکادیمیەکان ، دەتوانێت لەماوەیەکی کورت دا داتاکان چارەسەربکات و تێڕوانینەکان ڕێکبخات ، بەکارهێنانی بۆ توێژەران و

بازرگانان ورێکخراوەکان سود بەخش دەبێت کاتێکی زۆریان بۆ دەگەڕێنێتەوە(طعيمة،٢٠٢٣ ، ١٠٠). ئەگەری ئەوە هەیە زانیاری نادروست بەهەمبهێنێت یان لایەنگیری بکات ، بۆ یە بەکارهێنەران یان خوێندکاران بۆ پشتراستکردنەوەو ڕەسەنایەتی ئەو زانیاریانەی لە (Clude)دۆزراونەتەوە لە فلتەری بدەن و وەرگێڕانی بۆ بکەن.

٣-(Cemini)ە: مودیلێکی دروستکراوی زیرەکی دەستکردە ، کەلەلایەن کۆمپانیای (GoogleDeepMind)وە بەرهەمهێنراوە بەمەستی ڕکابەریکردن لەگەڵ ئامرازەکانی تری زیرەکی دەستکرد لە لایەن کۆمپانیای دیکەوە دروستکراون ، ئەم ئامرازە لەساڵی (٢٠٢٣)ڕاگەیەنراو لە یەککاتدا توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ داتاجیاوازەکان دا وەک (دەق، وێنە، ڤیدیۆ تەنانەت دەنگ) دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان شیکردنەوە بۆ بکات . سەرباری ئەوەش توانای وەڵام دانەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان و شیکردنەوەی داتاکان و یارمەتیدان بۆ بڕیاردان هەیە ، ئەم ئامرازە گونجاوە بۆ توێژینەوە و بەرهەمهێنان و چارەسەرکردن بەشێوازی جۆراوجۆر بەم پێەش پشتگیری پێشکەوت و پێشکەش زانایان وبازرگانان و گەشەپێدەران دەکات . هەرچەندە ئەم ئامرازە بە ئاوێتەبونی لەگەڵ ئیکۆسیستمی گۆگڵ ، ئەرکەکانی پتەوتر دەکات ، بەڵام ئەمە نیگەرانی سەبارەت بە پاراستنی داتاکان تایبەتمەندییەکانی تایبەت بەبەکارهێنەران بەدوای خۆیدا دەهێنێن ( .(I.SS,2025,3 &Adinath

٤-(Gamma):ئامرازێکی بەهێزی زیرەکی دەستکردە کە یارمەتی بەکار هێنەر دەدات بە ماندوبونێکی کەم پرزنتەیشن و بەڵگەنامەو تەنانەت ماڵپەرەکانیش دروست بکات ، ئەم ئامرازە چەندین خزمەتگوزاری هەیە . بەڵام هێزی سەرەکی لەدروستکردنی پاوەرپۆینت و سلایدو بە خێرای و بە ئاسانی ، لە بواری وانەوتنەوەدا ،چەندین خزمەتگوزاری بۆ پەروەردەکاران دابین دەکات، وەک دروستکردن و پێشکەشکردنی کۆرسی ئۆنلاین ، ڤیدۆ ، سمینار ،کویز،وەرگرتنی فیدباکی خوێندکاران و چاودێریکردنی ئەدائی خوێندکاران. سەرباری ئەمانەش ئەم ئامرازە پشتگیری لە چالاکیەکانی توێژینەوە توێژەران دەکات ،دەتوانن (Gamma) بۆ ڕاپرسی ئۆنلاین، کۆکردنەوەو شیکردنەوەی داتاکان و ڕێکخستن و هەڵگرتنی توێژینەوەکانیان بەکاربهێنن(H,2023::2841&T.G).

**شیکاری دەرونی چیە ؟ چۆن خوێندکاران شیکردنەوە بۆ ترس وهیوادەکات لە چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد؟**

زیرەکی دەستکرد تەنها کۆد و داتا نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی دەروونییە، ترسەکانمان پێمان دەڵێن کە هێشتا لە خۆمان دڵنیا نین، و هیواکانیشمان پێمان دەڵێن کە تینووی تێگەیشتنی زیاترین لەو

ئالۆزییەی ناوی (مرۆڤە).شیکاری دەروونی تێگەیشتنێکی قووڵە بۆ ناو تەمومژی ناخ و دڵ ودەروونی مرۆڤ، ئەو شوێنەی کە بیرەوەرییە لەبیرکراوەکان و ئارەزووە شاردراوەکان تێیدا نیشتەجێن کە( نەست) مکە بە عەقڵی شاراوەناسراوە. ئەم زانستە پێمان دەڵێت کە ئێمە تەنها ئەو ڕوکارە نین کە نیشانی جیهانی دەوروبەری دەدەین، بەڵکو زەریایەکی قووڵ لە نەست(نەست بریتیە لە کێویکی سەهۆڵین ، تەنها بەشە بچووکەکەی دیارە و بەشە گەورەکەی لە ژێر ئاودایە)(قرچتانی ،٢٠١٣، ٣١٠) لە پشت ڕەفتارەکانمانەوەیە واتە هەندێ جار لەهەندێ بارودۆخدا جا وتەبێت یان ڕەفتارنەست خۆی نیشان دەدات ، شیکاری دەروونی وەک چراخانێک وایە بۆ تاریکاییەکانی ڕابردوو،یارمەتیمان دەدات لە ململانێ ناوەکییەکانمان تێبگەین و ئەو گرێیانە بکەینەوە کە ساڵانێکی زۆرە ڕێگرن لە ئارامیی ڕۆحمان لە ڕاستیدا، شیکارکردنی دەروون تەنها چارەسەر نییە، بەڵکو هونەری گەیشتنە بە خۆناسین و ئاشتکردنەوەی مرۆڤە لەگەڵ ئەو بەشە شاردراوانەی خۆی کە پێشتر لێیان دەترسا (حمز ،٢٠٢٦).

### ٢-٤ترس چیە خوێندکاران بۆ دەترس لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد

بریتیە لە حاڵەتێکی هەڵچونی لای هەموو تاکێک بونی هەیە بەڕێژەی جیاواز، تاک لە هەندێ هەڵوێسدا هەستی پێدەکات هەروەها تاک هەست دەکات تواناى گونجاندنی نیە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە یان ئەو نوێگەرییە(میرة،حامد، ٢٠٢٥، مجلد٢٢)،کاتێک تاک دەترسێت چەند نیشانەیەکی دەبێت لەوانە لێدانی دڵ خێرادەبێت ،تواناى تەرکیزکردن کەم دەبێتەوە ، ئارەقکردەکاتەوە، ترس دەبێتەهۆی لەمپەر لەگەیشت بە ئامانجەکان ، زۆرجار ترس لە ژیانی منداڵیەوە دەست پێدەکات .زۆرجۆر ترس هەیە، بەڵام بابەتەکەی ئێمە باس لە ترسی گۆڕانکاری دەکات بەهۆی ئەو پێشکەوتنەخێرایەی کە لەبواری زیرەکی دەستکرد وەک چاتبۆتەکان سەریهەڵداوە (هێلین،یونکەر ،٢٠٠٨، ٧)،سەرەڕای سودی زۆری زیرەکی دەستکرد بەڵام خوێندکاران وتاکەکانی کۆمەڵ ترسێکیان دەربارەی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لادروست بووە ،چونکە هاوشێوەی مرۆڤ کاردەکات و وەڵامی هەرپرسیاێک دەداتەوە کە ئاڕاستەی دەکرێت ئەم ترسە بەهۆی ئەوەیە ڕەنگە ڕۆژێک زیرەکی دەستکرد شوێنی مرۆڤ بگرێتەوە ،هەروەها خویندکاران ترسان هەیە لە سزای ئەکادیمی و لاوازبونی تواناى بیرکردنەوەیان ، هەروەها خوێندکاران ترسیان هەیە لەوەی کە ئەگەرێتنو زیاد لە پێویست چاتبەتەکانی زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنن ببێتە هۆی لاوازی مێشک و لەدەستدانی تواناى نوسین و داهێنان و سەربەخۆی (یونس ،٢٠٢٥)،لەبەر ئەو خێرایە زۆرەی پەرەسەندنی شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیا پییان وایە (AI)ئەوەندە بەهێزدەبێت ،ڕەنگە کۆنترۆڵکردنی لەلایەن مرۆڤە قورسبێت ،هەروەها ڕەنگە لە

داهاتویەكی نزیكدا، بەهۆی بەكارهێنانی زیرەكی دەستكردەوە جیهان شایەتحاڵی سەرهەڵدان شێوازێكی نائاسای كاركردن بێت ،لە زۆرێک لە بوارەكانی ژیان دا ئەمەش وادەكات داهاتووی مرۆڤایەتی نادیاربێت پێشبنیكردنی لەڕادەبەدەر قورس بێت (محمد، ٢٠٢٠، ٣٥)،بە واتایەكی دیكە دەستكەوتنی كار زۆرقورس دەبێت، ڕەنگە بروانامەی زانكۆ بەس نەبێت بۆ ئەوەی لەسەر كارێک دابمەزرێیت ، بەڵكو ئەو كەسانەكە دەرفەتی بەدەستهێنانی هەلی كاریان زیاتر دەبێت، كەلە هەڵسەنگاندنی لێهاتووی دامەزراوە كۆمپانیاكان سەركەوتوودەبن ، ئەم لێهاتویانەش ئەو ئاڵنگكاریە گەورەییەن لەبەردەم زانكۆو دامەزراوە پەروەردەییەكاندان، بۆ ئەوەی پرۆگرامەكانیان هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشهاتەكانی سەردەم و بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرددا نوێ بكەنەوەو بیگونجێنن (كریم ،٢٠٢٥) لەكۆتای ئەم باسەدا دەتوانینین بڵێین زیرەكی دەستكرد دەتوانێت سودبەخش یان زیان بەخش بێت ئەمەش دەكەوێتەسەر چۆنیەت بەكارهێنانی لە ئێستادا مرۆڤ توانای دەستگەیشتن بە زانیاری هەیە تەنها بە پەیوەندیكردن بە ئینتەرنێتەوە، جگە لەوەش، چەندین پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا بەشدارن لە پەرەپێدانی لایەنە جیاوازەكانی ژیان و خزمەتگوزاری پێشكەش بە خەڵک دەكەن بە ئاسانی و خێرای ،بەڵام هەندێجار كاریگەری نەرێنیش هەیە لەسەر ژیانمان، (عبدولكریم ،٢٠٢٤).

**ترس ئاوێنە ڕەش و نارونەكەی نەست كەلەچەند خاڵێک خۆی دەبینێتەوە لەچاتبۆتەكانی زیرەكی دەستكرد:**

١-ترس لە جێگرتنەوە (گرێی كێبركێ): وەک چۆن منداڵ دەترسێت كەسێكی تر شوێنی بگرێتەوە لە دڵی دایک و باوكیدا مرۆڤیش دەترسێت زیرەكی دەستكرد كۆنترۆڵی هەمووشتێک بكات و مرۆڤ بێبایەخ بێت.

٢-نامۆبونی ترسناک ئەمە ئەو كاتە ڕوودەدات كە شتێک زۆر لە مرۆڤ بچێت بەڵام مرۆڤ نەبێت ،چاتبۆتەكان كە بە شێوەیەكی زۆر سروشتی قسە دەكەن، ئەم ترسە دەجووڵێنن چونكە سنووری نێوان گیاندارو بێگیان تێكدەدەن(محمد، ٢٠٢١، ٢٤٢-٢٤٥).

٣- تاكەكانی كۆمەڵ دەترسن زیرەكی دەستكرد هەموو نهێنیەكانمان بزانێت وەكو چۆن پێمان خۆش نیە هەموو كەس ناخ و دڵ ودەرونمان بزانێت(دوێک ، ٢٠٢٠، ٨٤-٨٩)

ترسی لەدەستدانی (من)ی داهێنەرو سزای وێژدان (منی باڵا)

خوێندكار لە ئاستی (نەست)دا ڕووبەڕووی چەند ترسێكی بنەڕەتی دەبێتەوە كاتێک چاتبۆت بەكاردێنێت وەک ترسی لەدەستدانی (منی داهێنەر) فرۆید ،١٩٢٣ ئاماژەی پێكردووە لەوانە(١) ترس لە پاشكۆیەتی :خوێندكار دەترسێت كە ئەگەر مێشكی ڕادەستی زیرەكی دەستكرد بكات،

توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆی لەدەست دەدات، دەترسێت لەوەی ببێتە (کۆیلەی تەکنەلۆژیا)و چیتر نەتوانێت بەبێ زیرەکی دەستکرد شتێک بەرهەم بهێنێت یان کارێک ئەنجام بدات (٢) گرێی هەستکردن بە تاوان کاتێک خوێندکارەرکی ماڵەوەی بەحازر لە چاتبوتێک وەردەگرێت ، لەو کاتەدا خوێندکار هەست تاوان وگوناهی لەلادروست دەبێت ،ئەم هەستی تاوانە لەمنی باڵاوە دەردەچێت کەداوای ڕەوشت و ڕاستگۆی لێدەکات (٣) ترسی نەزانراو :ترس لە نەزانراو ئایا ئەم چاتبۆتە زانیارییەکانی ڕاستن؟ ئایا فێڵم لێ دەکات؟ ئەم گومانە بەردەوامە جۆرێک لە دڵەڕاوکێی بوونگەرایی لای خوێندکار دروست دەکات(ابو لسعد،عربیات، ٢٠٢٣، ٣٩). هەروەها کاتێک خوێندکارێک چاتبۆت بەکاردێنێت ، بۆ ئەوەیە ئەرکەکانی بۆ جێبەجێ بکات، منی باڵا دەست دەکات بە دروستکردنی ترس، ئەم ترسەش بەهۆی زیندوی وێژدانەوە کە سەرچاوەی لە ژیانی منداڵی و پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنەوە گرتووە(میلەر ، ١٩٧٩) ،چونکە ئەگەر بۆ هەموو ئەرکێک پشتی تەواو بە چاتبوت ببەستین هەستی خۆبەکەمی و لاوازی خودی لێدەکەوێتەوە (مەلاتاهیر، ٢٠٢١، ٣٧ ).

## چاتبۆت وەک باوکی کۆنترۆڵکار (ترسی منداڵی)

خوێندکارێک کە لە منداڵیدا باوکێکی زۆر توندوتیژ ی هەبووە لە (نەست)یدا ترسێک چێنراوە لە هەموو ئەو هێزانەی (هەموو شتێک دەزانن)،کاتێک ئەم خوێندکارە ڕووبەڕووی چاتبۆتێک دەبێتەوە کە وەڵامی هەموو پرسیارێکی لایە، نەستی ئەو خوێندکارە چاتبۆتەکە وەک ئەو باوکە دەبینێت،ترسی خوێندکارەکە: ئەم ئامێرە دەتوانێت هەڵەکانم بگرێت و بێ دەسەڵاتم بکات، ئەمە دووبارەبوونەوەی ئەو بێدەسەڵاتییە دەروونییەیە کە لە منداڵیدا بەرامبەربە دەسەڵات(باوک) هەیبووە(محمد، ٢٠٢٠، ١٢٦).

## هیوا چۆن دروست دەبێت

چەمکی هیوا سەرنجێکی بەرچاوی لەلایەن توێژەرانەوە بەدەستهێناوە، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کاتێک مرۆڤ نائومێدبوو بەهۆی جەنگەوە، ئەمەش وایکردووە کە زەمینەیەکی لەبار بێت بۆ لێکۆڵینەوە دەروونییەکان، هیوا لە دەروونناسی ئەرێنیدا بە چەمکێکی بنەڕەتی دادەنرێت، چونکە چەندین کاریگەری ئەرێنی هەیە، کە بەشدارن لە گونجانی مرۆڤ وەک تەندروستی جەستەیی و دەروونی و ئارەزووی فێربوون. هیوا سیفەتێکی ئەرێنییە و فرێد (٢٠٠٣) زیادی کردووە کە بۆ پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان لە بوارەکانی فێربوون و کارکردن و بەرهەمهێنان. لە لایەکی ترەوە کەمی ئومێد دەبێتە هۆی خەمۆکی، بەشدارە لە هەستکردن بە بێ دەسەڵاتی، هەستی نەرێنی و ڕەشبینی بەهێز دەکات و توانای ڕووبەڕووبوونەوە و لێکدانەوەی





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەرێنی ڕووداوەکان لاواز دەکات (عەبدولسەمەد، ٢٠٠٥، ل٦٧). هیوا بە توانای هەستپێکراوی بۆ وەرگرتنی ڕێگاکان بۆ ئامانجە خوازراوەکان پێناسە دەکرێت،هەروەها هیوا بریتیە لە دروستکردنی پاڵنەر بۆخودی تاک کە لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەرێنی و گەشبینی بۆ فێربوونێکی باشترسەرچاوەی گرتووە ، خۆکارایی وخوود ڕێکخستن هیوای بەرزتر بە بەردەوامی و پەیوەندی بە دەرئەنجامە باشترەکانەوە هەیە لە بواری ئەکادیمی، وەرزشی، تەندروستی جەستەیی، خۆگونجاندنە دەروونییەکان و چارەسەری دەروونی(سنایدر ، ٢٠٠٩ ، ٢٤٩-٢٧٥).(سنایدر، ١٩٩٦) مۆدێلێکی مەعریفی هیوای پەرەپێدا کە تیشک دەخاتە سەر پاڵنەر و پلاندانان بۆ گەیشتن بە ئامانج، کە ،سنایدەر و هاوکارەکانی هیوایان وەک حاڵەتێکی ئەرێنی پاڵنەر پێناسە کرد کە لەسەر بنەمای هەسکردن بەرامبەر بە سەرکەوتن، هیوا دوو پێکهاتە لەخۆدەگرێت: یەکەم پێکهاتەی پاڵنەر (توانای مەعریفی)، کە ئاماژەیە بۆ ئیرادە و پابەندبوون، یارمەتیدەرە بۆ هەنگاونان بەرەو بەدیهێنانی ئامانج،ئەم توانایە بە هێزی بزوێنەری هیوا دادەنرێت، بۆیە دەتوانرێت وەک دەستپێکردنی هەنگاوی پراکتیکی پێناسە بکرێت کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانج،ئەو ئامانجەی کە تاک بەدوایدا دەگەڕێت.دووەم : پێکهاتەی( واتا)، کە ئاماژەیە بۆ توانای هەستپێکراوی تاک بۆ دۆزینەوەی یەکێک یان چەند ڕێگایەک کە بەکاریگەرترین ڕێگای دەزانێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەها ستراتیژیەکانی تاک بۆ دۆزینەوەی ڕێگای گەیشتن بە ئامانج. لەسەر بنەمای تیۆری هیوا، ئەو جووڵە سەرکەوتووەی مرۆڤە بەرەو ئارەزووەکانی دەیکات، پێویستی بە پلان وسەبر و بیرکردنەوە هەیە لەو ستراتیژی و ڕێگایانەی کە مرۆڤ دەگەیەنێت بەئامانجەکانی (حسن ، ٢٠٢٥، ٧١). کاتێک تاک شکست دەهێنێت لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەستی نائومێد بۆ دروست دەبێت هەست بە ترس و بێ توانی دەکات و دڵەڕاوکێ ی بۆ دروست دەبێت ،کە سەرکەوتونەبێت وئارەزوو تەماحەکانی وەلادەنێت ئەم بۆ چونە یەک دەگرێتە لەگەڵ فرۆید و ماسلۆ(رحیم ، عەبدول حەفیز ، ٢٠١٥، ٣٢٦). لازارۆس (١٩٩٩) مانای دەروونی هیوای لە تیۆرییەکەیدا وەک چەمکێکی ئەرێنی داناوە،ئەو ئاماژەی بەوەدا کە هیوا لە ئێستادا لە ژیانی تاکدا ئامادە نییە، بەڵکو کاتێک سەرهەڵدەدات کە تاک هەست بە بێ بەشبوون، زیانگەیاندن، یان هەڕەشەکردن بکات. تاک لە خەمی ئەوەدایە کە لە ڕووی گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژیانیدا چی ڕوودەدات و هیوادارە گۆڕانکارییەک بۆ باشتر ڕووبدات. هیوا توخمێکی ژیانی و جەوهەرییە لە ژیانی تاکدا و بەبێ ئەو هیچ شتێک نامێنێت کە تیریان بکات ( لازارۆس، ١٩٩٩، ٧) .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**خويندكار لەڕێگە (من)ەوە دەیەوێت هاوسەنگیەک بدۆزێتەوەو (هیوا) بۆ خۆی پێکەوە بنێ لەوانە:**

١-بەکارهێنانی میکانیزمە بەرگرییە دەروونییەکان: خوێندکار بۆ ڕاکردن لە هەستی تاوان، پاساو و دەهێنێتەوە: کەهەمووان بەکاری دێنن ، ئەمە تەنها ئامرازێکە بۆ فێربوون نەک فێڵکرد.(٢)گەشەکردن: ئەگەر خوێندکار بتوانێت چاتبۆت وەک (هاوبەش) بەکاربێنێت نەک (جێگرەوە)، ئەوا هیواکە سەر دەکەوێت و ترسەکە دەبێتە هاندەر بۆ فێربوونێکی باشترو زیاتر.(٣)لەکۆتاییدا: پەیوەندی خوێندکار و چاتبۆت، ململانێی نێوان (تەمەڵی چێژبەخش، ماندووبوونی بەرهەمهێنەر) ئەوەی کە کامیان سەردەکەوێت، بەندە بەوەی خوێندکارەکە چۆن پەروەردەی دەرونی کراوە ( غنایم، ٢٠٢٣، ٤٦).

**(منی باڵا) وهیوا نموونەیی بوون**

١-هیوای کامڵبوون :خوێندکار هیوا دەخوازێت کە بە یارمەتی چاتبۆتەکە بگاتە ئەو وێنە نموونەییەی کە (منی باڵا)داوای لێدەکات (نمرەی بەرز، نووسینی بێ کەموکوڕی) چاتبۆتەکە لێرەدا دەبێتە ئامرازێک بۆ تێرکردنی داواکارییە بەرزەکانی(منی باڵا)،(٢)هیوای گۆڕان بۆ باشتر :ئەگەر (منی باڵا)ی خوێندکارەکە تەندروست بێت، هیواکەی ئەوەیە کە چاتبۆتەکە وەک (مامۆستایەکی تایبەت) بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئاستی زانستی خۆی بەرز بکاتەوە، نەک تەنها بۆ وەرگرتنی ڕاستەوخۆ، لێرەدا هیواکە برییتیە لە چاکسازی و گەشەکردن(مستەفا،یوسف حەمەصالح،٢٠٢٠، ٤٢-٤٨) .

**چاتبۆت وەک دایکی تێرکەر (هیوای منداڵی)**

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی منداڵیدا ،منداڵ چاوەڕوانە دایکی هەموو پێداویستییەکانی فسیۆلۆژیەکانی بۆ دابین بکات بەبێ ماندووبوونی خۆی، لەژیانی گەورەی دا هیوای لە بەکارهێنانی چاتبوت ئەو دایکیە،کە بە یەک کلیک هەموو ئەرکەکانی خوێندن (ئەرکی ماڵەوە، تاقیکردنەوە) ناهێڵێت،ئەم گەڕانەوەیە(کەیەکێکە لە میکانیزمە بەرگریە دەرونیەکان ) بۆ تێربوونێکی خێرایە(ئەلریماوی، ٢٠١١ ، ١٧٢-١٧٨).

**تیۆرەکانی زیرەکی دەستکرد و ئەو تیۆرانەی کە پەیوەندی بە (هیواو ترس)ەوە هەیە**

**یەکەم: تیۆری بنیاتنەر** :تیۆری بنیاتنەرتیۆرێکی پەروەردەییە خاوەنی ئەم تیۆرە پیاجیە و فیگۆتسکی یە ،جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکەنەوە کە لە ڕێگەی کارلێکی چالاکانە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەرو پشت بە ستن بە ئەزموونەکانی پێشوو فێرخواز بنیاتی مەعریفەی خۆی دەکات ،جەخت لەوە دەکەنەوە کەفێربوون تەنها وەرگرتنی زانیاری نیە ، بەڵکو پرۆسەی چالاکە

تيايدا خوێندكار تێگەیشتنی تایبەتی خۆی بۆ جیهانی دەوروبەر بنیات دەنێت لەبیرۆكە سەرەكیەكانی تیۆری بنیاتنان ئەوەیە خوێندكار مەعریفە لە مامۆستا وكتێبەوە وەرناگرێت ،بەڵكو خۆی بنیاتی دەنێت و كارلێكردن لەگەڵ ژینگەی مادی وكۆمەڵایەتی دا بنچینەی بنیاتنانی مەعریفەیە ،ئەزموون ز زانیاریە پێشوەختەكانی خوێندكار ئەو بنچینە پێكدەهێنێت ، كەتێگەیشتنی نوێی لەسەر بنیات دەنێت ،هاوكات فێربونی بنیاتنەرانەپێویستی بە بەشداری چالاكانەی خوێندكار هەیە كە تیایدا خوێندكاردەبێتە تەوەری پرۆسەی فێركاری (حسن ، امین ، ٢٠٢٥).

**دووەم: تیۆری مرۆڤ گەرای** :تیۆری مرۆڤ گەرای لە پەنجاكانی سەدەی رابردوو دا لەسەر دەستی زانا ئەبراهام ماسلۆ و كارل ڕۆجەرزز سەری هەڵدا ، كە جەخت لەسەر توانا خودیەكانی تاك دەكاتەوە لە بەدیهێنانی بەرزترین پلەی گەشەسەندنی تاك ، ئە م تیۆرە پێی وایە هەموو تاكێك خاوەن توانایەكی زگماكە بۆ فێربوو ن و بەرەو پێشچون ئەگەر ژینگەی پاڵپشتی بە (قبوڵكردن ، ڕێزگرتن ، هاندان ) بۆدابین بكرێت ، سەبارەت بە خوێندكاری زانكۆ ئەگەربێت و هیوای هەبێت بۆ گۆڕانكاری لە بەرەو باشتربونی فێربوون ،بەهاو بەشی لەگەڵ بونی ئیرادە ئەو كاتە خوێندكار ترسی دەرەوێتەوە لە چاتبۆتەكانی زیرەكی دەستكرد و وەك هەوڵێك بۆ فێربون سودی لێدەبینێت ، ئەمەش لەوە دا ڕەنگ دەداتەوە كە خوێندكار بەدوای سەرچاوەی ئەكادیمی دا سەبارەت بەو پێداویستیانەی كەهەیەتی بگەڕێت ، نەک داواكاری شتی ئامادەكراو حازر بەڵكو سود لە چاتبۆتەكان وەربگرێت بۆ دەستكەوتنی سەرچاوەی نوێ ئەو كاتە نادڵنیای دەرونی لای خوێندكار دروست نابێت لە وەی كە چاودێرێك هەبێت دواتر لێپرسینەوەی لەسەر بكات (قشاعله ،٢٠٢١، ٦٥).

**سێیەم(تیۆری ستولاند،١٩٩٤)** . تیۆری هیوا بەراورد دەكرێت بە تیۆریەكانی گەشبینی فێربوو، گەشبینی، خۆكارایی ستولاند پێی وایە پێویستە هەرتاكێك تموح وئارەزووی هەبێت ئەمەش لەبەرئەوەی هیوای هەبێت لەرێگەی هیواوە تاك دەگات بە ئامانجە خوازراوەكانی ، ستولاند ئاماژەی بەئەوە دەكات هەر مرۆڤێك هیواخوازە تموح وئامانجەكانی ببێتە هۆی گەیشتن بەو پێگەی ئارەزووی دەكات ، هەروەها خوێندكار هیواداره الهناو هاورێیان و هاوپۆلەكانی سەركەوت و بێت وەهیوای وایە خەونەكانی بكاتە واقعی و بەدیانبهێنێت ، مرۆڤێک كە ئومێدی هەبێت لەژیان دا چالاک و بە جۆش و خرۆش ترە ، تاكی خاوەن ئامانج و هیوا باشتر دەتوانێت سەركەوتن بە دەست بهێنێت بەو پێیە مەیل و ئارەزووی تاك لەژێركاریگەری سەركەوتن و شكست دایە( ستولاند،١٩٩٤).

**تیۆری دۆڵی نامۆ(ترس)** :ئەم تیۆرە لەلایەن (ماساهیرۆ مۆری)لە ساڵی (١٩٧٠) پێشنیار کراوە، دەڵێت: تاوەکو ڕۆبۆتێک یان زیرەکییەک زیاتر لە مرۆڤ بچێت، ئێمە زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەین، بەڵام کاتێک دەگاتە خاڵێک کە زۆرواتا هاوشێوەی مرۆڤە بەڵام تەواومرۆڤ نییە، هەستێکی قێزەون و ترسناک لە مرۆڤدا دروست دەبێت،ئەم ترسە بەهۆی ئەوەوەیەکە مێشکمان ناتوانێت بڕیار بدات کە ئایا ئەوە هاوڕێیە یان تەنی مردوو یان هەڕەشە(مۆری ،١٩٧٠).

**تیۆری تاکایەت تەکنەلۆژیا:** ئەم تیۆرە باس لەوە دەکات کاتێ تەکنەلۆژیا زۆرپەرەدەستێنێت ، لە کۆنترۆڵی مرۆڤ دەردەچێت ، بتوانێت خۆی پەرەپێبدات ببێتە سوپەر زیرەک ئایا چۆن پێشبینی بونەوەرێک دەکریت کە ملوێنان جار لە مرۆڤ زیرەکتربێ ئەوکاتە چی دەکات ؟ ( ڕەی کورزوایڵ،٢٠٢٥ ، ١٣٦) .

**تیۆری بێ کاری گشتی:** ئەمە ترسێکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، ئەگەر زیرەکی دەستکرد هەموو کارەکان بکات لەڕووی (لۆجیکی ،هونەری ،جەستەی ) ئایا مرۆڤ چ مانایەکی بۆ دەمێنێتەوە، لەڕوی کۆنترۆڵی دەسەڵاتەوە کێ خاوەنی ئەم زیرەکیە ترس لەوەیە کە گروپێکی بچوک کۆنترۆڵی هەموو جیهان بکات(Mcafee,2014&,Brynjolfsson).

**تەوەری دووەم :لێکۆڵینەوە پێشووە کان**

١-توێژینەوەی (Schmit ,etal,2025) : ناونیشانی توێژینەوەکە (چەسپاندنی زیرەکی دەستکرد لە خوێندنی باڵادا، تیروانینەکان ، ئاڵنگاریەکان ، ستراتیژیەکان بۆ داهێنانی ئەکادیمی ،ناوی توێژەران، (anshia Tomas rodrigo Dusana Alshhtti schmdit,bedou alboloushi magaheas)، ئامانجی توێژینەوە زانینی تیروانینی مامۆستیان و خوێندکاران سەبارەت بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد،زانینی چۆنیەتی چەسپاندنی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاکامەکانی فێربوون ، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ئاڵنگاریانەی کەڕوبەڕوی خوێندکاران دەبێتەوە ،بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، سنورو شوێنی توێژینەوە لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە کویت ،نمونەی توێژینەوەکە (٢١)مامۆستاو (١٦)خوێندکاری بەکالۆریۆس ، فۆرمە ڕاپرسی کراوە کە پێکهاتبوو لە (١٠)پرسیاری لە خۆ گرتبوو ، ناوەندە ژمێرەی لەڕیگەی ئێگزڵەوە شیکاریەکە کراوە ئەنگجامەکە دەرکەوتووە مامۆستا وخوێندکار بەشێوەیەکی جیاواز وتەواوکە ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن ،ئەمە بووە تەهۆی زیاتر چەسپاندنی ئامێرەکانی زیرەکی دەستکرد لەخوێندنی باڵدا ، مامۆستایان تاکیدیان لەسەر بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد کردۆتەوە بۆ باشترکردنی وانەوتنەوە هەڵسەنگاندن ، خوێندکارانیش

ئامرازەکانی زیرەکی دەستکردبۆ پشتیوان پرۆسەی فێربوون و باشترکردنی کارە ئەکادیمیەکان بەکاریدەهێنێت ، لەگەڵ ئەوەش دا مامۆستایان و خوێندکاران نیگەرانن لە گۆڕانکاریەکانی ئەی ئای لەپەروەردەدا.

٢-توێژینەوەی (عباس ، ٢٠٠٠):ئامانجی توێژینەوە ئاڕاستەکان بەرامبەر زیرەکی دەستکرد پەیوەندی بە ئاڕاستەکردنی خوێندکاری زانکۆ بەرامبەر بەداهاتوو، کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ( خوێندکارانی مستنصریە-بەغداد)،(٢٠٠)خوێندکاری نێرو مێ ،ئامرازی توێژینەوە بریتی بوو لەپێوەریک کەلە (٥٣)برگە پێکهاتبوو ،ئامرازئاماری بەکارهاتوو تیتێست بۆ یەک نمونە و دونمونە ، هاوکۆلکەی سپیرمان و پیرسۆن ، ئەلفاکرۆنباخ ، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەندامانی نمونەکە ئاڕاستەی ئەرێنیان هەیە بەزانست و پێشکەوتنی زانست ، خوێندکاران هاوڕابون لە ئاڕاستەو تێڕوانینەکانیان بۆ داهاتوو، هاوڕابوو بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەو فێرکردن دا (حمەلا،عارف، ٢٠٢٥،٥٠).

٣-توێژینەوەی (٢١WoolIny,et,ai,20):ناونیشانی توێژینەوەکە پەسەندکردنی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لە خوێندنی باڵا لەلایەن خوێندکارانەوە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە دیدی خوێندکاران بەرامبەر بە زیرەکی دەستکردلە دوو ڕوانگە پڕن لە هیواو ئومێد بەوەی کە زۆربەئاسانی بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە دەتوانن بگەن بە زانیاریەکان ، لەبەرامبەردا زۆر نیگەرانن لە نەبونی پەیوەندی مرۆی و پاراستنی زانیاریە تایبەتی و کەسییەکان ، ئەم توێژینەوەیە پێداچونەوەی کردووە بۆ (٥٢) توێژینەوەی تربەمەستی هەڵسەنگاندنی گشتی (کری ، بکر،٢٠٢٣، ٣٣٦).

٤-توێژینەوەی(Lee et al., 2023): پێشبینیکردنی مەترسیەکانی کۆپیەکانی ژیری دەستکرد (AI Clones) بۆ سەر خود و پەیوەندییەکان: فۆبیای هاوشێوە (Doppelganger-phobia)، پارچەپارچەبوونی ناسنامە، و یادەوەرییە زیندووەکان ،ئامانجی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە:لێکۆڵینەوە لەو مەترسیە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە دروست دەبن کاتێک ژیری دەستکرد بۆ دروستکردنی (کۆپییەکی دیجیتاڵی) (AI Clone) لە مرۆڤە زیندووەکان یان مردووەکان بەکاردێت ، یان تێگەیشتن لەوەی چۆن ئەم تەکنەلۆژیایە کاردەکاتە سەر هەستی مرۆڤ بۆ ناسنامەی خۆی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری، توێژەرمیتۆدی گریمانی بەکارهێناوە،نمونەی توێژینەوەکە(٢٠)نێر ، مێ کە تەمەنیان لەنێوان (١٩-٣٣)ساڵیدان ، بەشداربووان ڕووبەڕووی چەند سیناریۆیەکی خەیاڵی کراونەتەوە کە تێیدا ژیری دەستکرد کۆپییەکی ئەوانی دروستکردووە، پاشان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بۆ زانینی کاردانەوەکانیان ،ئەنجامەکانی

توێژینەوە: (١)فۆبیای هاوشێوە (Doppelganger–phobia): بەشداربووان هەستیان بە ترس و ناڕەحەتی کردووە کاتێک بینیویانە AI دەتوانێت بە تەواوی وەک ئەوان قسە بکات و ڕەفتار بکات، ئەمەش وای کردووە هەست بکەن (بێهاوتایی) خۆیان لەدەستداوە(٢)پارچەپارچەبوونی ناسنامە: دروستبوونی کێشە لە نێوان ئەوەی "من کێم؟" و "ئەو کۆپییە کێیە؟"، بەتایبەت کاتێک کۆپییەکە شتێک دەڵێت کە لەگەڵ کەسایەتی ڕاستەقینەی کەسەکە ناگونجێت(٣)مەترسی بۆ سەر پەیوەندییەکان: توێژینەوەکە دەریخستووە کە کۆپییەکان دەبنە هۆی تێکچوونی متمانە لە نێوان هاوڕێیان و خێزانەکان، چونکە مرۆڤەکان ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان کەسە ڕاستەقینەکە و کۆپییە دەستکردەکە(٤)یادەوەرییە زیندووەکان: بەکارهێنانی AI بۆ دروستکردنەوەی کەسانی کۆچکردوو (وەک چاتبۆتی مردووەکان) لەوانەیە پرۆسەی چاکبوونەوە لە خەم و پەژارە قورستر بکات.

**٤–توێژینەوەی (Samuel et al., 2025 ):**ئامانجی توێژینەوە :پشکنینی ئەوەی کە چۆن میدیا و هەواڵەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ (فۆبیا) لای خەڵک سەبارەت بە ژیری دەستکرد،بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وەک ChatGPT و مۆدێلەکانی تری ژیری دەستکرد بۆ شیکردنەوەی هەزاران سەردێڕی هەواڵ تا بزانرێت چەندێک لەو هەواڵانە "هەستی نەرێنی وەک  (ترس)بڵاودەکەنەوە،دیاریکردنی ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە دەبنە هۆی ترس (وەک لەدەستدانی کار، نەمانی کۆنترۆڵی مرۆڤ، و لایەنی ئەخلاقی)کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە(١٠,٠٠٠)سەردێری هەوڵ بوو لەسەر زیرەکی دەستکرد ، ئامرازی توێژینەوەکە (GPT–4، GPT–3.5)،توێژینەوەکە گەشتووەتە چەند ئەنجامێک ١– باڵادەستی هەستی نەرێنی: ڕێژەیەکی زۆر لە هەواڵەکان (بەتایبەت ئەوانەی لایک و بینەری زۆریان هەیە) بە شێوەیەک داڕێژراون کە ترس بڵاودەکەنەوە(٢)کاریگەری میدیا: میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە گۆڕینی (نیگەرانییەکی ئاسایی) بۆفۆبیایەکی بەکۆمەڵ لەڕێگەی گەورەکردنی مەترسییەکان (٣)مژارە ترسناکەکان: زۆرترین ترسی بڵاوکراوە پەیوەندی هەبووە بە جێگرتنەوەی مرۆڤ لە کارەکاندا و مەترسییەکانی تێکچوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی(٤)بێلایەنی کەم: توێژینەوەکە دەریخست کە زانیارییە ئەرێنی و سوودبەخشەکانی ژیری دەستکرد کەمتر ڕووماڵ دەکرێن بەراورد بەو هەواڵانەی باس لە کۆتایی جیهان یان (یاخیبوونی ڕۆبۆتەکان) دەکەن.

## بەشی سێیەم (ڕێکارەکانی توێژینەوە)

ڕێکارەکانی توێژینەوە:ئەم بەشە بریتیە لە خستنە ڕووی ئەو ڕێکارانەی کە توێژەر گرتوویەتیە بەر بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە بەم شێوەی لای خوارەوە :

لەم توێژینەوەدا بەمەستی پشتڕاستکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژە میتۆدی وەسفی پەیوەندی_شیکاری بەکارهێناوە چونکە گونجاوترین شێوازە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی ئەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەسەر کراوە هەروەها کار لەسەر سروشتنی ئەو پەیوەندییانە دەکات کە دیاردەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە (محمود،٢٠١٩، ٤٦).

میتۆدی توێژینەوە : بریتیە لە بەکارهێنان و گرتنە بەری ڕێگاوشێواز بۆ گەیشتن بە ڕاستیە نوێیەکان ، هەروەها سەلماندنیان لە پێناو گەشەکردنی مەعریفەی مرۆڤایەتی (بۆکانی ٢٠١٦،٣٥، ) . توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی شیکاری بەکارهێناوە ، بەهۆی ئەوەی کەئەم میتۆدە گونجاوە لەگەڵ ناونیشان و ئامانجی توێژینەوەکەدا یەکێکە لە شێوەکانی شیکردنەوەی زانستی ڕێک و پێک بەجۆرێ وەسفی دیارە یان بابەتێک دەکات لەڕێگای کۆمەڵێ ڕێکاری توێژینەوە کە پشت بەکۆمەڵێ ڕاستی و داتا یەک دەبەستێت بۆ پۆلێنکردن و چارەسەرکردن شیکردنەوەی تەواو ورد بەمەبەستی پوختکردنەوەی بەڵگەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان (خضر ، ٢٠٢٣،٣٢٠).

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** تێکرای ئەو تاکانەیە، کە بابەتی کێشەی توێژینەوەکە پێک دەهێنێت ، بریتیە لە هەموو ڕەگەزەکانی پەیوەندیدار بە گرفتی توێژینەوەکەوە کە توێژەر هەوڵ دەدات بۆگشتاندنی بەسەر ئەنجامی توێژینەوەکەدا(عباس واخرون ،٢٠١٤، ٢١٧). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە پێکهاتووە (١٨٥)خوێندکاری قۆناغی(١_٤) خوێندکارانی پەروەردەی بنەڕەت کەپێکهاتووە لە بەشەکانی کوردی ، عەرەبی ، باخچە، وەرزش ،کەژمارەیان (٦٨٨) خوێندکاربوو .

خشتەی (١) کۆمەڵگەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٦–٢٠٢٧)

| قۆناغ | یەکەم | | دووەم | | سێیەم | | چوارەم | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەش | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| زمانی کوردی | ٥ | ٢٨ | ١٠ | ٢٢ | ٢ | ٠ | ٣ | ٢٠ | ٩٠ |
| زمتنی عەرەبی | ١٧ | ٢٣ | ١٤ | ٢٥ | ١ | ١ | ٢٣ | ٦١ | ١٦٥ |
| وەرزش | ٤٢ | ٣ | ٢٧ | ٣ | ٣١ | ٧ | ٥٣ | ٢ | ١٦٨ |
| باخچەی منداڵان | ٠ | ٨١ | ٠ | ٥٨ | ٠ | ٥٨ | ٠ | ٦٨ | ٢٦٥ |
| کۆی گشتی | ٦٤ | ١٣٥ | ٥١ | ١٠٨ | ٣٤ | ٦٦ | ٧٩ | ١٥١ | ٦٨٨ |

**٣-٣-نمونەی توێژینەوە:** توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی چینایەتی نمونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە ، توێژەر لەڕێگە نوێنەری هەربەشێکەوە لێنکی گۆگڵ فۆرمەکەی نارده گروپ چاتی خوێندکاران پاش (١٠-١٥)ڕۆژ توێژەر لینکی گۆگڵ فۆرمەکەی داخست لەئەنجام دا (١٨٥) خوێندکار وەڵامیان دابویەوە، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لەو نموونەی ، کە تایبەنمەندیەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ، بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کە لە کۆمەڵگەکەدا هەیە(نوح ،٢٠١٨، ٤٥).

خشتەی (٢) نمونەی توێژینەوەکە لە هەربەشێک دەخاتەڕوو

| قوناغ | یەکەم | | دووەم | | سێیەم | | چوارەم | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەش | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| زمانی کوردی | ٢ | ٩ | ٦ | ٩ | ٠ | ٠ | ١ | ١١ | ٣٨ |
| زمتنی عەرەبی | ٧ | ٨ | ٦ | ٧ | ٠ | ٠ | ٣ | ١٧ | ٤٨ |
| وەرزش | ٩ | ٢ | ٩ | ١ | ١٠ | ٢ | ١١ | ٠ | ٤٤ |
| باخچەی مندالآن | ٠ | ١١ | ٠ | ١١ | ٠ | ٢٣ | ٠ | ١٠ | ٥٥ |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | ١٨٥ |

**٣-٤ ئامرازەکانی توێژینەوە:**.بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر دوو ئامرازی ئامادەکرد، دوای گەڕان بە ئەدەبیاتی چوارچێوەی ئەدەبی توێژینەوە پێشووەکان تایبەت بەهەریەکە لە گۆڕاوەکانی (ترس، هیوا) لە چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد سود وەرگرتن لە پێوەرەکانی تایبەت بە پێوەری ترس ( حسێن،١٩٨٧) ، پێوەری هیواوئومێد(سیندرن،١٩٩١) .

**ئامرازی یەکەم** :پێورێک بەمەبەستی زانینی ئاستی ترسی خوێندکاران لە چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکرد کەپێوەرەکە بریتی بوو لە (١٤برگە)کە بەهای بژاردەکان بۆ برگەکان پێوەر بریتی بوو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

له (هەمیشه=٥،زۆرجار=٤،هەندێجار=٣،کەم جار=٢،هەرگیز=١)کۆی برگەکانی پێوەرەکە لەنێوان (١٤بۆ ٧٠)پلە دایە .

**ئامرازی دووەم** :پێوەرێک بەمەبەستی زانینی ئاستی هیوا لای خوێندکاران لە چاتبوتەکانی زیرەکی دەستکرد

برگەکانی پێوەرەکە بریتی بوو لە (١٨)برگە کە بەهای بژاردەکان بۆ برگەکان پێوەر بریتی بوو لە (هەمیشه=٥،زۆرجار=٤،هەندێجار=٣،کەم جار=٢،هەرگیز=١)کۆی برگەکانی پێوەرەکە لەنێوان (١٨بۆ ٩٠)پلە دایە .

**٣-٤راستێتی توێژینەوە**:ئەو برگە و پێوانانەی کەلە ئامرازی توێژینەوەکەدان ،پێویستە تەنها ئەو دیاردە یان ئەو گۆراوە بنوێنن کە لە بنچینەدا بۆی ئامادەکراوە(بۆکانی ، ٢٠٢٠:١٥٣) . بۆ هێنانەدی راستی دروستی ئامرازەکە ، توێژەر ئامرازەکەی لە شێوەی سەرەتایەکدا خستە بەردەست ژمارەیەک شارەزاو پسپۆر کەژمارەیان (٥)پسپۆر بوو بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی برگەکانی پێوەرەکە بۆ دەربرین و راوبۆچونیان دەربارەی پێوەرەکە تاچەند بە وردی دارێژراون رون و شیاون بۆبەکارهێنان، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە برگەکان پیکهاتبوو لە٣٢برگە(١٤برگە پێوەری ترسی خوێندکاران لە چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد،١٨برگە پێوەری هیوای خوێندکاران بەرامبەربەچاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد)،بڕوانەپاشکۆی (١) رێژەی راستیتی پێوەری ترس چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد =% ( ٨٦،٥)، رێژەی راستێتی هیوای خوێندکاران بۆ چاتبۆتەکانی زیرەکی دەستکرد = (٩٠،٨%).

**پەیوەندی نمرەی هەربرگەیەک بەنمرەی گشتی پێوەری ترس**

مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەربرگەیەک بەنمرەی گشتی پێوەرکە(پێوەری ترس) توێژەر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن لەنێوان برگەکانی پیوەرەکە بەکۆی گشتی پێوەرکە دۆزییەوە، لەئەنجام ادا دەرکەوت سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە بەڵگەی ئاماری هەیە لە ئاستی (٠،٠٥) (٠،٠١)وەک لە خشتەی (٣) پەیوەندیەکەدەرکەوتووە:

له خشتەی (٣)هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی برگەکانی پێوانی ترسی خوێندکاران بەکۆی گشتی برگەکانی پێوەری ترس

| ژ-برگە | هاوکۆلکەی پیرسۆن | بەهای بەڵگەداری | ژ-برگە | هاوکۆلکەی پیرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | .297** | 0.000 | 8 | .286** | 0.000 |
| ٢ | .377** | 0.000 | 9 | .378** | 0.000 |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | .211** | 0.004 | 10 | .335** | 0.000 |
| 4 | .327** | 0.000 | 11 | .310** | 0.000 |
| 5 | .314** | 0.000 | 12 | .395** | 0.000 |
| 6 | .379** | 0.000 | 13 | .389** | 0.000 |
| 7 | .193** | 0.009 | 14 | .430** | 0.000 |

لەخشتەکەدا دەردەکەوێت ، کە بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن بۆ هەربڕگەیەک و نمرەی گشتی پێوەرەکە لەئاستی بەڵگەداری (٠,٠١)(٠,٠٥)لەنێوان (٠,٢١١**بۆ ٠,٤٤٠**)ئەم بەهایە ئاماژەیە بۆبونی پویوەندی بەهێز لەنێوان برگەکانی پیوەرەکەو نمرەی گشتی پیوەر .

**مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەربڕگەیەک بەنمرەی گشتی پێوەرەکە(هیوا)**

مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەربڕگەیەک بەنمرەی گشتی پێوەرەکە(هیوا) توێژەر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن لەنێوان برگەکانی پیوەرەکە بەکۆی گشتی پێوەرکەی دۆزییەوە، لەئەنجام دا دەرکەوت سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە بەڵگەی ئاماری هەیە لە ئاستی (٠,٠٥) (٠,٠١)وەک لە خشتەی (٤) پەیوەندیەکەدەرکەوتووە:

لە خشتەی (٤)هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی برگەکانی پێوانی هیوا لای خوێندکارانی زانکۆ بەکۆی گشتی برگەکانی پێوەری هیوا

خشتەی (٤)دەرخستنی پەیوەندی هەربرگەیە بە پێوەری گشتیەوە لە پێوەری هیوادا

